راگەیاندنی رۆژنامەوانی

دوای نزیکەی ٤ ساڵ کار کردن وئامادەکاری لە لایەن دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ بانکی دەولی، ئەمرۆ ١٩ تەمموزی ٢٠٢٣ دەست کرا بە کاری مەیدانی گەری سێیەمی رووپێوی "**بارودۆخی ئابووری وکۆمەلایەتی خێزان**" لەسەر ئاستی هەرێم. ئەم رووپێوە بە یەکێک لە روپێوە گرنگ وگەورەکان هەژمار دەکرێ کە بۆ ماوەی یەک ساڵی کارکردن لە مەیدان بەردەوام ئەبێ وتیایدا چاوپێکەوتن لەگەڵ ٤٦٠٨ خێزان لە هەرێم دەکرێت بۆ وەرگرتنی وەلامەکانیان لەسەر پرسیارنامەی رووپێو کە لە ٢٤ بەش پێکهاتووە.
ئەم رووپێوە مەیدانییە تایبەتمەندی خۆی هەیە چونکە لە ئەنجامدا هێڵ وڕێژەی هەژاری لەسەر ئاستی پارێزگا دەردەچێت لەسەر بنەمای خەرجیەکانی خێزان تێپەربوونی ١٠ ساڵ لەسەر دوایین رووپێوی هاوشێوە کە ساڵی ٢٠١٢ دەست کرا بە گەری دووەم وساڵی دواتر ئەنجامەکانی راگەیندرا ودواتر نەخشەی هەژاری لەسەر ئاستی ناحیە هەژمار کرا بە پشت بەستن بە ئەنجامەکانی وئەنجامی رووپێوێکی تری گەورە ئەو کات بە ناوی (**رووپێوی نەخشەی هەژاری ومردنی دایکان**).
لەم گەرەدا، بەهەمان شێوەی گەرەکانی پێشوو، جگە لە بابەتی هێل وڕێژەی هەژاری، نیشاندەری گرنگی تر وەک ئاستی خوێندن وفێرکردن، بارودۆخی تەندروستی، بارودۆخی کۆمەلایەتی، کۆچ کردن، بەشەخۆراک وئاسایشی خۆراک، نیشتەجێبوون، گەران بدوای کار، کاری کشتوکاڵی، داهات، بوونی کەلوپەلی ناو ماڵ، قەرزوسلفەی یارمەتی، شۆکەکان، بەکارهێنانی کات، دادپەروەری، ورازی بوون ومتمانە.
هەروەها، سەبەتەی کاڵاکانی بەکارهاتوو لە لایەن خێزان سەر لە نوێ دروست دەکرێت وتیایدا ئەو کەلوپەل و کاڵانە دادەنرێت کە خێزان رۆژانە، هەفتانە، مانگانە، شەش مانگ وساڵی جارێک بەکاری دەهێنن بۆ ژیانیان. لەم سەبەتەیە، گرنگترین ئەو کەلوپەل وکاڵانە هەژمار دەکرێت بۆ دەرکردنی ژمارەی پێوانەیی یان ئەوەی پێی دەووترێ (**رێژەی هەڵاوسان**) وئەمەش لە رووی ئابورییەوە زۆر گرنگە بۆ زانینی هێزی کرینی دراوی ووڵات کە رەنگدانەوەی هێزی ئابوری ووڵات دەر دەخات.
بۆیە، دوای سەرژمێری، ئەم رووپێوە بە گرنگترین پرۆژەی ئاماری دادەنرێت ودەزگاکانی ئامار بەوپەڕی تواناوە کار دەکەن بۆ بەدەست هێنانی نیشاندەرەکان بە باشترین شێوە تاکو دواتر بدرێت بە بەرزترین دەسەڵات وسوودی لێ وەربگیرێت بۆ هەلسەنگاندنی ستراتیج وپرۆژەکانیان کە لە ساڵانی پێشووتر جێبەجێ کراون.

جێگەی ئاماژە پێکردنە، ئەم رووپێوە پێویستە ٥ ساڵ جارێک بکرێت بۆ زانینی ئەو گۆرانکاریانەی روویان داوە لەو بوارانەی ئاماژە پێکراو لە سەرەوە و لەحالەتی عیراق و هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە چونکە نەک لە ٥ ساڵ بەلکو لە ١٠ ساڵی رابردوو کە دوایین گەر ئەنجام درا، گۆڕنکاری زۆر روویان داوە لە رووی دیموگرافی، ئابووری و کۆمەلایەتی و زۆر پێویستە بزانرێت و کار بکرێت لەسەریان بۆ باشتر بەکارهێنانی سەرچاوەکان.

**لەم رۆوە، تیمەکانی بەرێوەبەرایەتیەکانی ئامار لە هەرێم دەست دەکەن بە کاری مەیدانی لە تەواوی قەزاکان وداوا لە هاوولاتیان دەکەین کە هاوکاریان بن بۆ جێبەجێ کردنی رووپێوەکە بە باشترین شێوە کە لە ئەنجام سوودی دەبێت بۆیان.**